**به ناوی یەزدانەوە.... بەناوی مرۆڤایەتی مرۆڤ دۆستانەوە**

بانگەواز "**نا** بۆ ناردنەوە...... **بەڵێ** بۆ مانەوە"

داواکاریمان لە خوشکان وبرایانی کوردو عەرەب وئاشوری و تورکمان و وە
هە موو مرۆڤ دۆستانە کە بە شداری ئەم ڕێپێوانە هێمنە بکەن کە بۆدابین کردنی
داخوازیەکانی کەسایە تی و مانەوەمان لە وولاتی ئەڵمانیا بە گشتی و بە تایبەتی لە
شارێکی وەک شاری میونشن. ئێمەی کورد پابەندی بڕیارەکانی ئەم وولاتەین ،
ئەگەر بڕیارێکی وەک لەو بڕیارە نادروست و نا مرۆڤایەتیە لەسەر خوشکان و
برایانمان بدرێ کە لەهەرێمی باڤاریا دەرکراوە ، ئێمەش وەک هەموو مرۆڤێکی ئەم
سەر زەمینە مافی خۆپیشاندانمان هەیە، بۆئەوەی بتوانین بڕیاری باشتریان پێ
بسەپێنین.
دەسەڵات دارانی هەرێمی باڤاریا بەشێوەیەکی بێ وێنە و زۆر توندو تیژو دور لە
هەموو یاسا مرۆڤایەتیەکان مامەڵە لەگەڵ پەنابەرانی عێراقی بە گشتی وخوشک و
برا کوردستانیەکان بەتایبەتی دەکەن.
بۆ وەستاندنی لێسەندنەوەی مافی پەناهەندەی ، بۆ سەپاندنی مافی مانەوە و
لابردنی هەموو ئەو بڕیارانەی کە ڕێگرن لە وەرگرتنی نازنامەی ئەڵمانییا ڕێپێوانێک
لە ڕۆژی **شەممە** بەرواری **31.03.2007**
کاتژمێر **14:30**
لە شاری **میونشن** لە **شتاغۆس** ساز دەکەین.

**31.März 2007**
um **14:30**
am **Stachus**

ئامادەبونتان یاریدەدەری کەسیتی خۆتان و
مافێکی مرۆڤایەتی یە.
بە هاتنتان مایەی خۆشی و سەرکەوتنی ئەو ڕۆژەیە، مایەی یەک دەنگی و
سەپاندنی ماف و یاسا مرۆڤایەتیەکانە بە هاوکاری هەموو مرۆڤ دۆستیکی وەک
ئێوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**Die Demonstration wird unterstützt von:**
Zusammenschluss irakischer Flüchtlinge
Münchner Karawane für die Rechte der Flüchtlinge und MigrantInnen
Münchner Bündnis gegen Krieg und Rassismus
Vereinigung der Verfolgten des Naziregimes(VVN-BdA)

ViSdP: Rebar Hama-Saleh, Dachauerstr. 282, 80992 München